**تەکنیکی کارکردن لە رادیو و تەلەفزیون ( هونەری پێشکێشکردن )**

**بەشی راگەیاندن - قوناغی سێیەم /**

**ناوی ماموستا: مهدی شعبان محمد ( 2021-2022 )**

---

## ( هونەری پێشکێشکردن )

**پێشەکی**

**بێژەر لە هەر دەزگایەکی میدیایی بێت خاوەنی ئەو زارەیە کە گشت هەواڵەکان بۆ وەرگر دەگوازێتەوە، بەو واتایەی کە گەیەنەری رووداوەکانی رۆژە بۆ وەرگر، یاخود بە مانایەکی دیکە تێرکردنی زانیارییەکانی وەرگرە (بینەر، بیسەر)، بۆ ئەو ئارەزووەی هەیەتی لە رووی هەواڵی ئابوری و رامیاری و وەرزشی و یاخود هەر رووداوێکی دیکە.**

**زۆرجاریش سەرکەوتنی کەناڵێکی میدیایی بینراو یان بیستراو بەندە بە ئاستی توانای بێژەرەکانیەوە بەو پێیەی بێژەر دەبێتە شوناس و پێناسەی کەناڵە میدیاییەکان.**

**بێژەری کورد لە کەناڵە کوردییەکان نەیتوانیوە بە شێوەیەك دەرکەوێ کە وا نیشان بدرێ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بینەرەکانی هەیە و بینەر هەمیشە هەستی کردووە کە لە نێوان خۆی و بێژەردا شاشەیەك هەیە کە لێکیان جیا دەکاتەوە، بینەر دەبێ هەست بکا بێژەر بەرامبەری دانیشتووە و قسەی لەگەڵ دەکا، کە ئەم حاڵەتەش تا ئێستا نەتوانراوە ساز بکرێ، زۆر کەناڵی کوردی هەن کە هەر کەسێکی بە روخساری جوانیان بینی دەیکەنە بێژەر و لە ڕاستی دا سەنگی بێژەر دێننە خوارێ.**

**ماوەی چەند ساڵێکە کەسانێکی باش توانیویانە خۆیان پێ بگەیەنن و وەك بێژەری سەرکەوتوو دەرکەون، بێژەری: هونەرە، پیشەیە، زانستە، پێویستە بەهرەو و توانای هەبێت، پێویستی بە رۆشنبیریی و زانیارییێکی باشی هەیە، چونکە قسەکردن بەرامبەر بە مایکرۆفون لە رادیۆ و بەرامبەر بە کامیرا لە تەلەفزیۆندا کارێکی ئاسان نیە.**

**بێژەر کێیە؟**

**وشەکە لە بواری رۆژنامەوانی و راگەیاندندا بەکاردەهێنرێت " لە رووی زمانەوانییەوە ئاماژە بۆ ئەو کەسە دەکات، کە وتەیەك یان قسەیەك ئاراستەی بەرامبەرەکەی دەکات، بەڵام وەك زاراوە بێژەر بەو پیشەیە دەوترێ کە کاری ( بێژەر) یی بۆ رادیۆ و تەلەفزیۆن و کەناڵەکان دەکات" (الطراونە، 2014: 13).**

**شارەزایانی بواری میدیا چەند پێناسەیەکیان بۆ بێژەر کردووە، بێژەر ئەو کەسەیە کە هەواڵەکان پێشکەش دەکات و بڵاویدەکاتەوە، هەر کەسێك ئەم کارە بکات دەتوانێ ناوی بێژەر وەربگرێت. (چولی، 2018: 228)**

**بێژەر ئەو کەسەیە کە پیشەکەی، گواستنەوە و پێشکەشکردنی زانیارییە بە جەماوەری بیسەر و بینەر، بە بەکارهێنانی دەنگی خۆی بە هۆی رادیۆ و ئامرازەکانی دیکەی بیستن. (چولی، 2018: 229)**

**سەرەڕایی بەهرەو (الموهبە) و لێهاتوویی (کەفائە) و توانای رۆژنامەوانی، چەندین فاکتەری سەرەکی هەن، کە پیشەی بێژەری دەسەپێنن و رۆڵێکی گەورە و کارا دەگێڕێ لە سەرکەوتنی. ( الخوالدە، 2004، لا 23)**

**پێویستە بێژەری هەواڵ رۆژنامەوان بێت، چونکە بە تەنیا بێژەربوون بەبێ ئاگاداربوون لە سیاسەتی هەواڵ و ناوەڕۆکی هەواڵ و زمانی هەواڵ سەرکەوتن مسۆگەر ناکات، واتا بێژەر ئەگەر هەست بە هەواڵ نەکات، ناتوانێ بە باشی ناوەڕۆکی هەواڵ بگەیەنێت، نەك هەر ئەوە، هەوڵ و ماندوبوونی هەواڵسازەکان و تیمی هەواڵیش بە فیڕۆ دەدات ( چۆلی: 2020، لا 263).**

**بێژەر، رووخساری سەرەکیی شاشەیە، ئەو کەسە سەرڕاستو راستگۆیەیە کە زانیارییەکان دەگوازێتەوە، ئەو هێماو نیشانەیەیە کە کەناڵی باش لە خەراپ جوودا دەکاتەوە، بە دڵنیاییەوە هەر ئەویشە پەیامی راگەیاندنی تایبەت بە رەوتو ئاراستەیەکی سیاسیی دیاریکراو دەگوازێتەوە. هەندێك کەناڵ، چ ئێزگەیی بن، یان تەلەفزیۆنی جەخت لە سەر شێوەو دەنگی بێژەرو توانا پیشەییەکەی دەکەنەوە، هەڵبەتە هەر بێژەرێکیش لە سفرەوە دەست پێ دەکات، بۆیە زۆر پێویستە پەرە بە سەرجەم تواناکانی خۆی بداتو کارامەییو بەهرەکانی بە تەواوی مشتومال (صقل) بکات، وەکو چۆن پەیکەرتاشێك بەردی ئاسایی مشتومال دەکات، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئاراستە سیاسییە جیاوازەکانی وێستگە تەلەفزیۆنییەکان، گومان لەوەشدا نییە کە خەسڵەتی بێژەری سەرکەوتوو پێویستییەکی هەرە لە پێشو هاوبەشەو لایەنە راگەیاندنەکان جیاوازییان لە سەری نییە.**

# بەرنامەی تەلەفزیونی

تەلەفزیون یەکیکە لە گرنگترین  وکاریگەرترین دەزگای راگەیاندن, وتوانای گواستنەوەی دەنگ وێنە ورەنگ ولڤین وجولە وکاریگەریەکانی بو بینەر لە ئاستیکی نایابە و بە کوالیتی وتەکنیکیکی زورباش.

تەلەڤزیون بەربەلاوترین وپر جەماوەرترین هوکاری راگەیاندنە لە جیهان کە سنوری کیشوەرەکانی دونیا تیدەپەرینێت، و بینەر بە ئاسانی لە مالەوە دەتوانیت چێژ لە هەمو بەرنامە وهەوال وفیلم وگورانی .... وهتد وەربگریت.

ناوەروکی تەلەفزیون لە چی پێکدێت

1- هەواڵ

2- دراما وەك فیلم وزنجیرە وشانوگەری وێنەکراو.

3- گورانی ومیوزیك.

4- گواستنەوەی هەلکەفت ورووداوەکان ( وەرزشی ، کومەلایەتی ، سیاسی، دینی ... )

5- بەرنامەی تەلەفزیونی بە هەموو جورو قالبەکانی یەوە.

بەرنامەی تەلەفزیونی :

بیروکێك یان کومەڵە بیروکەیەکە لە چوارچێوەیەکی تەلەفزیونی دیاریکراوە دا لە رێگای وێنە و دەنگ و ووردەکارییەکانیەوە دەگاتە بینەری بو جیبەجیکردنی ئامانجێکی پێشوەختە.

پولێنی بەرنامەی تەلەفزیونی:

بەرنامەی تەلەفزیونی لەسەر چەند پێوەرێك پولیندەکرێت:

1- ئارمانج وئەرك. چی ئامانجی هەیە ( گەیاندنە، کات بەسەربردنە، زانستە، ریکلام ... ).

2- ناوەروك. ( دینی، سیاسی، ئابوری ، وەرزشی ، روشەنبییری.....).

3- جەماوەر ( گشتی یە، مندالانە، گەنجانە، ئافرەتان، یان چینیکی دیارکراوە، ....... ).

4- خولی بەخشکردن ( روژانە، حەفتانە، مانگانە، نیو مانگ جارێك، ........... ).

5- کاتی پێکێشکردن ( بەیانیان، نیوەرو، ئێواران، درەنگی شەوان ...........).

6- زمان ( زمانی یەکگرتوویی ، سورانی ، بادینی ، زمانی نورمالی جادە، زمانیکی بێگانە .......).

7- شێواز وچوارچێوە وقالبی هونەری ( گفتوگویی ، دیبەت، قسەکردنی راستەوخو ...... ). وئەمە گرنگترین پولینە چونکە وەك چوونەژوورەوەیەکە بۆ بنیاتنانی بەرنامەی تەلەفزیونی.

گرنگترین چوارچێوە و قالبی بەرنامەی تەلەفزیونی:

1- گوتن وقسەکردنی راستەوخو( قالب الحديپ المباشر).

2- گفتوگویی ودیمانە ( قالب الحوار والمقابلە )

3- دیبەت (قالب المائده المستديره ( الندوه) )

4- قالبی بەشدارکردنی جەماوەر(قالب جمهور المشتركين )

5- قالبی دادگایی ( قالب المحاكمە )

6- قالبی فیلم وپێشکێشکاری بەرنامە ( قالب الفيلم ومقدم البرنامج).

7- قالبی پێشبرکێ (قالب المسابقات).

8- قالبی هەمەرەنگ (قالب المنوعات).

9- قالبی بەدواداچوون (قالب التحقيق).

10- قالبی بەرنامەی تایبەت (قالب البرنامج الخاص).

11- قالبی گوڤاری تەلەفزیون (قالب المجلە التلفزيونيە).

**تەكنیكی كاركردن لە رادیو و تەلەفزیون ( هونەری پێشكێشكردن )**

**بەشی راگەیاندن - قوناغی سێیەم /**

**ناوی ماموستا: مهدی شعبان محمد ( 2021-2022 )**

---

# ئامادەكردنی بەرنامەی

**ئامادەكردنی هەر بەرنامەیەكی تەلەفزیونی لە چەند قوناغی تێدەپەرێت:**

**1- هەلبژاردنی بیروكەی بابەت (اختیار الفكره اوالموضوع).**

**باشترین رێگا بو هەلبژاردنی هەر بابەتێك كوكردنەوەی بیرو رای جێوازە لە نابەری چەند كەسێك و دانی زورترین بیروكە ، وپاشان گەنگەشەكردنی ئەم بیروكانە وپەرەپێدانی بو دانانی بەردی بناغەی هەر بەرنامەیەك. دیسان لە رێگای هەستكردن بە كێشە لە ناو ژیوار و كومەلگادا، ولە رێگای خویندنەوە ولێكولینەوەی زانستیانە كە سەر چاوەكی گرینگن بو كێشەی بەرنامەكانی تەلەفزیونی. ئەوەی بو هەر بەرنامەیەكی تەلەفزیونی گرینگ دەبێت ئەم گێشەیە لە لایەن زورینە جەماوەر جیگای بایەخ بێت، یانیش گوزارشت لە رەوشت وكەلتوری كومەلگا بكات.**

**2- دیاریكردنی ئامانجی بەرنامە( تحدید الغرض )**

**ئایە ئامانجی بەرنامە چی یە ( گەیاندنە، كات بەسەربردنە، زانستی یە ، ریكلام ... ).**

**3- دیفچوون ولێكولینەوەی زاستیانە وكوكردنەوەی زانیاری (البحث العلمی) أو جمع الماده العلمیه)**

**ئەم قوناغە پاش دەستنیشانكردنی كێشە وبابەت دێت كە تەواولە سەر بیروكە كی دیاریكراو رێكەوتن وئامانجی بەرنامە دیاریكرا ، وئەم قوناغە تا كوتایی جیبەجیكردنی بەرنامە بەردەوام دەبێت ، ولە رێگای خویندنەوەی پەرتوك وسەرچاوە وبەلاوكراوە و روژنامە وتوری ئەنترنێت. هەروەها لە رێگا پرسیاركردن لە كەسانی شارەزا وتایبەتمەند وپەیوەندیدار .**

**4- دانانی پلانی بەرنامە ونووسینی سیناریو (كتابە خگە البرامج والسیناریو)**

**لێرە دوو جورە سیناریو هەیە یەكەمیان نوسینی تێكێستی تەواو بو بەرنامەكە و سیناریست هەموو رەگەزەكانی بەرنامە كونترول دەكات و ووردەكارییەكانی بە تەواوی دەنووسیت لە سەرەتا تا كوتایی. دووەمیان تێكێستی نیمچە تەواو كە زیاتر وەك پلان دادەرێژێت و هیلی گشتی دیاریدەكرێت ولایەنەكانی بەرنامە دادەنرێت.**

ئەوەی گرنگ دابەشکردنی بەرنامەیە لە سەر چەند تەوەرەك کە لە تەوەری سەرەکی ولاوەکی پێکدێت ولە هەر تەوەرێکی سەرەکی ولاوەکی دا چەند پرسیاری سەرەکی و لاوەکی هەن. دابەشکردنی تەوەرەکان دەبێت لە سەر کاتی بەرنامەکە بێت ودانانی پرسیارەکان بە پێی ئامانجی بەرنامەکە بێت.

نموونە

بەرنامەکی 28 دەقەیی وا باشە لە سەر 4 تەوەر دابەشبکرێت وبو هەر تەوەرەکی 7 دەقە دابنێت . وبو هەر تەوەرەکی دوو پرسیاری سەرەکی ودوو پرسیاری لاوەکی دادەنرێت. لەگەل رەچاوکردنی کاتی ناوبرو ریکلامەکان لە ناو بەرنامەکە.

**تەكنیكی كاركردن لە رادیو و تەلەفزیون ( هونەری پێشكێشكردن )**

**بەشی راگەیاندن - قوناغی سێیەم /**

**ناوی ماموستا: مهدی شعبان محمد ( 2021-2022 )**

---

## پێداویستیەكانی كاركردنی بێژەر وپێشكێشكار ( مستلزمات عمل المذیع و المقدم )

**لە كاتی ئێشكردن وبەرێوەبردنی كاری روژانەی خوی بێژەر وپێشكێشكار پێویستی بە زۆر شت دەبیت، كە هندێكیان مادینە وهندیكی تر مەعنەوی ودەرونینە ودەبێت هەول بدات سەرەدەرییەكی باش وسەركەوتوو لەگەل واقع وژیوارەكەی خوی بكات، سەرەدەریكردنی بێژەر وپێشكێشكار لەگەل چەند لایەنەك دەبیت:**

**1- سەرەدەریكردن لە گەل ستافی كار وەك ( دەرهێنەر، ئامادەكار،بەرهەمهێنەر، تەكنیكار ، وێنەگر، پەیامنێر،......... هتد )**

**2- سەرەدەریكردن لە گەل كامیرە ( گوشە ، گرتە ، جولە )**

**3- سەردەریكردن لە گەل خودی خوی ( ئامادەكرنی خوی ، دەرونی، مەعرفی ، زانستی،.. )**

### 1- سەرەدەریكردن لە گەل ستافی كار:

**روژانە بێژەر وپێشكێشكار تا ئەو كاتەی دەچیتە ناو راستەوخو یان ناو ستودیو سەردەری لەگەل زۆر كەس دەكات وەك ئامادەكار وهەوالساز وپرودیوسەر وبەریوەبەری هەوال وبەرنامە وبەش و دیزاینەری جل وبەرگ وماكییر ( ماك ئاب ) ... وهتد. دیسان كە چوو ناو ستودیو ولایڤ دیسان سەرەدەری لەگەل زور كەسی تر دەكات وەك دەرهێنەر ویاریدەدەرەكانی وكامیرەمان وئیناریست وئەندازیاری دەنگ ... وهتد. لیرە ئەوەی پێویست بێت لە سەرەدەریكردنە لەگەل ئەم هەموو ستافە چەند خالە:**

**أ. هوشیاری وورد.**

**ب. تەركیزەكی بەرز.**

**ج.روو خوشی ودەم بە خەندەیی.**

**د. وەرگرتنی رەخنە بە سینگێكی فراوان.**

**ر.پێشكێش كردنی پرسیار ئەگەر پێوێست بو لە كاتی گونجاو.**

**ز.لەیەك تێەگەشتنێكی تەواو و وەرگرتنی رێنمایەكان.**

**ە. وەرگرتنی دەنگەكانی ستاف وجاوازكردنیان كامە دەنگی كێ یە چونكە لەوانەیە لە یەك كات دا دەنگی دەرهێنەر و پەیامنێر و دەنگی تر بێتە بیستن.**

**و. چەندی بتوانی خوت راگرە لە سینگ لێدان وصراعاتی كەسی.**

ی. هەست بە بەرپرسیارەکی کومەل چونکە ستافەکە هەموو ئیشدەکات وبێژەر دەردەکەوێت.

## 2- - سەرەدەریکردن لە گەل کامیرە ( گوشە ، گرتە ، جولە ).

ئەوەی بینەر لە مالی خوی لە شاشە تەلەڤزیون دەبینیت لە رێگای چاوی کامیرە دێتە دەرێ، ئەوجا چ بە ئەرینی یان نەرینی. لێرە بێژەر دەبێ بزانیت چ کاتێك راستەوخو تەماشەی کامیرە بکات یان روو لە چ کامیرە دەکات، وهەرکامیرەك لە چ گوشەیەك دانرایە وناو وژمارەی ئەو کامیرە چی یە یان چەندە، و ئایە جولەی هەیە یان نا و بە چ گرتە دەردەچیت. ئەو هاوکێشەی کە وەك ستاندارتێك دادەرێت کامیرای جێگری ناو ستودیو ژمارەیان یەك زیاترە لە ئەو کەسانەی کە لە شاشە دەردەچن ، واتا ئەگەر یەك کەس بیت پێوستی بە دوو کامیرە هەیە وئەگەر دوو بیت پێویستی بە سێ کامیرە هەیە.... وهتد.

**1- گوشە :** گوشەی کامیرا زور گرنگە چونکە قەبارە وجوانی و خەتیگشتی بە پانی وستونی دیاردهکات. زوربەی دەرهێنەرەکان یەك کامیرە دادەنێت کە بە گوشەیەکی فراوان تێدا هەموو دیکور وئەرزییە دیاربیت، وکامیرەك بە گوشەیەك دادەنرێت کە لە بەرامبەر دەم وچاوی بێژەر بێت و ئوتوکیوی لە سەرە کە هەمو تکێستی هەوال و بەرنامەی لە سەرە، لێرە بێژەر ئەبێ تەرکیزی زیاتر لە ناوەندی چاو وعەدەسەی ئەم کامیرە بیت چونکە بە کامیرەیە چاوی بە چاوی بینەری دەکەوێت وپەیامەکە پێش قسەکردن بە چاوی بێژەر دەگاتە بینەر. زێدەباری دانانی کامیرەی سێیەم ئەگەر هات دوو بێژەر بون یان مێوانێك هەبێت.

**2- گرتە:** گرتە ئەو بەردەبناغەیە کە بینای دیمەنی تەلەفزیونی لە سەر دادەنرێت، بێژەر دەبێت بزانیت هەر کامیرەك لە سەر چ گرتەیەك دانرایە ئایە گرتەکە گشتی یە یان ناوەندی یە یان نزیکە. لە هەر سێ گرتەکانیش دا بێژەر دەبیت زور وورد وبە حەزەر بیت وهیچ جولەکی نا شیاو نەکات چونکە لەو لەحزەیی کە کەوتە ناو لایف هەموو شتەك لە سەر حیسابە و نابیت هەلەکی بچوکیش بکات. لێرە ئەوەی گرنگ بێت ئەوە لە گرتەکان ئەگەر گشتی بیت دەتوانرێت لڤین وجولەی جەستە هەبێت ئەگەر پێویست بو وەك هات وچوو بە تایبەت ئەگور بە پێوە هەوال وبەرنامەکە پێشکێش بکرێن، لە گرتەی میدیام وناوەندی دەتوانرێت جولە ولڤینی دەستەکان هەبێت ئەگەر رامان بەخش بێت، ولە گرتەی نزیك وکلوز دا زیاتر تەرکیز دەکرێتە سەر دەم وچاو و جولانەوەی برو وچاو وپێکەنین وتورەبون کە هەموو پەیامدەرن لەگەل ووشەی سەر زمان وقسەکردن.

**3- جولەی کامیرە:** جولەی کامیرە بو دوو حالەت دێت یەکیان جەمالی یە دووەمیان دەلالی، یەکەمیان کە زیاتر لە بو جوانی یە وزیاتر بە کرێن وشاریو وێنەدەکرێت لێرە نورمالە وسروشتی یە ئەگەر بێژەر لەگەل ئەم جولەی کامیرە رووی خوی نە گوریت بەلکەی هندێك جار دەرهێنەر ئەوە بە بیژەری دەلێت ، دووەمیان دەلالەت لە شتەك دەکات ئەویش کاتی جولەی کامیرە بە پان بیت یان تێلی یان دولی یان .... هتد، لێرە دەبیت بێژەر لەگەل جولانەوەی کامیرە رووی خوی بگوریت چونکە هندێك جار دەرهێنەر دەیەوێت پەیوەندییەکی دروست بکات لە خالی یەکەم بو دووەم یان لە بابەتی یەکەم بو دووەم یانیش لە بچوك بو گەورە ولە گشتگیری بو ووردەکاری،ئەمەش هەموو لەگەل قسەکانی بێژەر ئەبێ یەك بگرنەوە.

## 3- سەردەریکردن لە گەل خودی خوی ( ئامادەکرن، دەرونی، مەعرفی ، زانستی،..... )

راوەستانی بێژەر بەرامبەر کامیرە بە واتای ئەوە دێت کە بەرامبەر جەماوەرێکی زور لەسەرانسەری دونیا ولە هەموو تەخ وچینەکانی کومەلگا رادەوستێت، لە بەر ئەوە بێژەر دەبێت ئارازو ومەوهیبەکی زور گەورەی هەبیت تا بتوانیت پەیامەکەی خوی بداتە جەماوەر. ئامادەبونی بێژەر یان پێشکێشکار لەم خالانەدا پێویستە:

**<u>- کەسایەتی:</u>** ئەم زاراوە زیاتر لە ناو کومەلگادا بە واتای سیفات ورەفتارکردنی ئەرینی لە لای تاك دێت لە گەل دەوروبەر، ئامادەبونی کەسایەتی بە واتای ئەوە دێت ئایە کومەلگا تا چەند پێشوازی لە کەسایەتی بێژەر دەکات وتا چ رادە لای جەماوەر مەقبول وخوشەویستە. چەند سیمای گشتی هەن بو بێژەر وەك گرنگی دان بە روخسار وجل وبەرگ وسلوك ورەفتارکردن لە گەل مێوان وزمان شرینی وزمان زانی .... هتد، کە زیاتر بێژەر مەقبول دەبیت لە لایەن جەماوەر.

**<u>- دەرونی :</u>** لایەنی ئامادەبونی دەرونی لای بێژەر زور گرنگە تا چ رادە دەتوانیت کونترولی رەفتار وقسەکانی خوە بکات دور لە دەمارگیری و لایەنگیری ،هەروەها دور لە دوودلی ودل راوکێ و توتر وقەلقی و..... هتد.

**<u>- زمانی:</u>** چەندین شارەزایی لە زمانەکانی دونیا هەبێت زیاتر هێزی دەیداتە کەسایەتی بێژەر ولە یەك زمان دا چەند توانای گورین زاراو ووشەی هەبیت زیاتر پەیامەکەی لای جەماوەر مقبول تر دەبیت. لێرە زور پێویستە شارەزایی لە زمانی نووسین وزمانی جادە ( العامیه والفصحی ) هەبیت.یان زاراوەکانی سورانی وبادینی وکرمانجی .... هتد.

**<u>- زانست ومەعریفە :</u>** لە سەر دەمی ئێستا دا تەنها شارەزایی لە خویندنەوەی هەوال بەس نیە بەلکەی دەبێت باگراوەندی هەوالەکەش بزانی، کاتی هەوالەك لە سەر تورکیا یان شاری ئامەد دەخوینیت بزانیت دەکەویتە چ لایەك و بە چ زەنگینە لایەنی ئابوری وکومەلایەتی وسیاسی ... هتد شارەوابیت هەبیت. دیسان بزانی چوون ناوەکانی کەسایەتی وشار وناوچە وقەزایەکان چوون دەگوترێت ودەخوینرێت.

**تەکنیکی کارکردن لە رادیو و تەلەفزیون**

**بەشی راگەیاندن**

**TVقوناغی سێیەم /**

**ناوی ماموستا: مهدی شعبان محمد ( 2021-2022 )**


**..............................................................................**

## پێوەرە تایبەتەکانی سیاسەتی دەزگای راگەیاندن:

**1- سروشتی جەماوەری دەزگا : ( کەلتور – ئاین – بەرژوەندی )**

- **هەر بەرهەمێکی میدیایی هەبیت دەبێت بە پێی گرنگیپیدانی جەماوەری ئەم دەزگایە بیت.**

**زۆربەی دەزگایەکانی راگەیاندن بە پێی خواستی جەماوەر بابەت وبەرهەمی میدیایی ئامادەدەکەن.**



**2- سیاسەتی ئەو ناوچەیە کە دەزگایی میدیایی لێیە. ( وڵات -– هەرێم - پارێزگا )**

- **رەچاوکردنی سیاسەتی ناوخویی وڵات،**

هندێك جار حالەتی سیاسی وڵات راگەیاندنكارەكە نەچاردەكات بە تونێكی نەرم ونەفەسێكی هێمن بابەتەكە پێشكێش بكات، ودركی بە هەموو نهێنیەكان نەكات، بە تایبەت ئەوانەی پەیوەندی بە ئاسایشی نیشتیمانی ونەتەوەیی هەیە.

- **رەچاوکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات،**

بو پاراستنی پەوەندییەكانی سیاسی ودوبلوماسی لە گەل وڵاتانی دەرەوە، هندێك جار حكومەت نەچاردەبیت چەندین بەرنامە وكەناڵ وراگەیاندكاری سربكات یان رابگریت.

**3- قەبارە و پانتایی ئازادی رۆژنامەوانی ورای دەربرین**

- **ئازادی رۆژنامەوانی**
- **رۆنامەنووسی ئازاد**

## ئەگەر ئازادی رۆژنامەوانی نەبۆ، رۆژنامەنووسی ئازاد چی بكات

**1- گورینی ئامرازی پەیوەندیكردن نموونە ) لە تیڤی بو میدیایی نوێ )**

**2- گورینی كاتەكان**

- **كوتكردنی كاتەكەی بەرنامە، راپورت، رێپورتاژ .....**
- **گورینی كاتەكان ، لە بەیانی بوئێوارە یان درەنگانی شەو یان بە پێچەوانەوە.**

**3- گورینی رەگەزەكانی بەرهەمی میدیایی ( لە ڤیدیو بو وێنە_ لە وێنە بو تكێست_ لە دەنگ بو تكێست ).**

**4- كوتكردنی مانشێت وناونیشانەكان ( نموونە پارتی كرێكاكارانی كوردستان بو f pkk ، یان پارتی دیموكراتی كورستان بpdk,**

**5- كوتكردنی گوشەكان ( فقرة ) .**

**4- سەروكی دەزگای راگەیاندن ( بەرێوەبەری تلفزیون یان رادیو، سەرنووسەر، بەرێوەبەری سایت..)**

ئەوەی لە هەر دەزگایەکی راگەیاندن بە وەرگر دەگات بەرپرسی یەکەم لێی بەرێوەبەرە، ئەو بە پێی تێگەیشتن وخوێندنەوەی بۆ بابەتەکە بریاری لەسەر دەدات، هندێك جاریش بە پێی مزاجی خوی رێ بە بەڵاوکردن و پێشکێشکردنی بابەت دەدات.

لێرە ئەوەی لە لای راگەیاندکار گرنگ بیت دەبێت پەرژەوندی گشتی و نیشتیمانی بیت.

**5- نووسەر وهەوالسازی هەواڵەکان یان پرودیۆسەری بەرنامەکان.**

نووسەری بابەت یان هەوالساز یان پرودیۆسەر زۆر شارەزانە لە سیاسەتی ئەو دەزگایەی لێی کاردەکات، بەڵام هندێك جار بە پێی حەزو ئارازو ئاراستەی هزری خوی بابەت یان هەوال دادەرێژیت، بێ ئەوەی رەچاوی هیچ بنەما وپرەنسیپەکی دیاریکراو لە لایەن دەزگا بکات.

**تەکنیکی کارکردن لە رادیو و تەلەفزیون**

**بەشی راگەیاندن**

**TVقوناغی سێیەم /**

**ناوی ماموستا: مهدی شعبان محمد ( 2021-2022 )**

............................................................................

- ## خەسڵەتەکانی بێژەری سەرکەتوو

- **: یەکەم** دەبێ ئەوەی بێژەرە، زانیاری تەواوی لەهەموو بابەتێك هەبێت و گوناهە کەسێك بکرێت بەبێژەر کەنەزانێ بزوتنەوەی حەماس چیەو داعش چیە و حەشدی شەعبی چییەو هتد......لەهەمانکات ناوی کۆمەڵێك لەسەرۆکەکانی رابردوو و ئێستا نەزانێت..
- **دووەم**: بێژەر هەرگیز سەرکەوتوو نابێ گەر کاری سەحافەی نەکردبێ و تێکەڵ بەکاری رۆژنامەوانی نەبووبێ..
- **سێیەم**: تەمەنی لەسیی ساڵ کەمتر نەبێ و لە پەنجا ساڵیش زیاتر نەبێ..
- **چوارەم**: بەتوانابێ لەمیوانداریکردنی کەسانی سیاسیی، دەبێ کەسی بێژەر بەتواناو بەهێزبێ لەمیوانداریکردنی کەسانی سیاسیی و وەزیرو پەرلەمانتار.
- **پێنجەم**: باش نییە بێژەری لاواز و بێ توانا میوانداری سیاسیەگەورەکان و وەزیرەکان بکات چونکە خۆی ئیحراج دەبێ و میوانەکەش بێزار دەکات و دەبێتە عەیبەیەك بەسەر کەناڵەکەوە..
- **شەشەم**: زۆر لەخۆکردن و "تصنع" پیشەی زۆرێك لەبێژەرەکانە، کەئەمەش سوودی پێناگەیەنێت و هەرگیز سەرکەوتووی ناکات..
- **چۆن دەبێتە راگەیاندنکارێکی سەرکەوتوو؟**

کەسی راگەیاندنکار ئەو کەسەیە کەپێویستە لەزۆربەی بوارەکان لەخەڵکانی تر جیاواز و پرۆفێشناڵ تربێ، ئەمە جگە لەوەی دەبێ کەسێکی هەستیارو وردبین بێ لەکاری رۆژانەی چ رۆژنامەوانی بێ چ رادیۆیی بێ چ تەلەفزیۆنی بێ و هتد....

کەسی ڕاگەیاندنکار دەبێ زۆر چوست و چالاك و بەتەرکیز بێ و کارەکانی خۆی خۆش بوویت و هەرگیز سار دبوونەوەی فەرامۆش کردن ڕووی تێنەکات و بەردەوام پەرە بەبەهرەکەی خۆی بدات و بەردەوام بیر لە داهێنان بکاتەوە.

بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و خۆ دەوڵەمەندکردن بەزانیاری ورد لەهەموو بوارێك چ سیاسیی بێ چ ڕۆشنبیری چ وەرزشی، چونکە کەسی ڕۆشنبیر و بەزانیاریی جێگەی متمانەن لای بینەر و جەماوەر

خۆت یەکلابکەرەەوەو بەجددی تێکەڵ بە ڕاگەیاندن بە، هەرگیز بەخەیاڵتدا نەیەت کەناتوانم!ئەستەمە!یاخود سەرکەوتن لەکارەکەم بەدەست ناهێنم!چونکە هیچ شتێك مەحاڵ نییەو ماندووبوون و شەونخوونی پێویستە بۆ ئەوەی بەئامانجەکەت بگەیت.

## هەواڵسازی-تحرير الاخبار

پێویستە هەموو بێژەرێك هەواڵسازبێ و توانای وەرگێڕان و داڕشتنی هەواڵی هەبێت، ئەگینا ئەو بێژەرە هەرگیز لەکارەکانی سەرکەوتوو نابێ بگرە ناتوانێ بەشێوەیەکی رەوان و جوان مامەڵە لەگەڵ پیشەکەی بکات و لای بینەریش خۆشەویست بێت.

چۆن دەبیتە هەواڵسازێکی پرۆفیشناڵ؟

بەرلەهەموو شتێك دەبێ ئەوە بزانیت کەنابیتە هەواڵسازێکی کارامە یان پەیامنێرێکی سەرکەوتوو یاخود بێژەرێکی بەهێز ئەگەر حەزی ئەو کارە لەناخی دڵتدا نەبێت!

خۆئەگەر خاوەنی بروانامەیەکی باشی خوێندن بیت ئەگەر خۆت بۆ ئەو کارەئیعلامییەیەکلانەکردەوەئەوا هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت، سەدان دەرچووی زانکۆمان هەیە تواناکەی ناگاتە توانای پەیامنێرێك یاخود رۆژنامەنووسێك بگرە بێژەرو پێشکەشکارێك!

بەرلەهەموو شتێك دەبێ ئەوە بزانیت کەنابیتە هەواڵسازێکی کارامە یان پەیامنێرێکی سەرکەوتوو یاخود بێژەرێکی بەهێز ئەگەر حەزی ئەو کارە لەناخی دڵتدا نەبێت!

خۆئەگەر خاوەنی بروانامەیەکی باشی خوێندن بیت ئەگەر خۆت بۆ ئەو کارەئیعلامییەیەکلانەکردەوەئەوا هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنیت، سەدان دەرچووی زانکۆمان هەیە تواناکەی ناگاتە توانای پەیامنێرێك یاخود رۆژنامەنووسێك بگرە بێژەرو پێشکەشکارێك!

## چۆن ببم بە هەواڵساز؟

چەند خاڵێکی گرنگ هەن بۆئەوەی تواناو وزەی خۆت بەکار بهێنیت تاوەکو ببیت بە هەواڵسازێکی باش و کارامە کەئەویش هەوڵ و ماندووبوون و تێکۆشانی دەوێت هەتا ببیت بە هەواڵساز:

1- زانینی زمان جگەلەزمانی کوردی تەنانەت ئەگەر عەرەبی بێ باشترە.

2- خوێندنەوەو پێداچوونەوەی زۆر بەرۆژنامەو وێب سایتە جیهانییەکان و ئەو سەرچاوانەی هەواڵی لێ وەردەگیرێت.

3- زۆرئاساییە پرسیار لەدەوروبەرت بکەیت بۆ هەر شتێك کەنایزانیت، عەیب لەوەدایە کەپرسیار نەکەیت و هەواڵ بەهەڵەوەربگێڕیت.

4- مامەڵەی ورد لەگەڵ دەقی هەواڵەکە بکەو پێداچوونەوەی تەواوی بۆبکە، ئنجا دایڕێژەبۆسەر زمانی کوردی.

5- نەکەی پشت بەیەك سەرچاوە ببەستیت بۆ کاری هەواڵسازی، بەڵکو لای خۆت دەیان وێب سایت هەبێت و ئاگاداری هەواڵەکانیان بە.

6- ئەو هەواڵەی کە وەریدەگێڕیت لای تۆ گرنگە، ئەوا دەیان جار لای بینەر گرنگە بەو مەرجەی وێنەی ڤیدیۆیی لەگەڵ دابێ

7- لەمیانی ئەو هەواڵەی کەئامادەت کردووە ئاماژە بەسەرچاوەکەی بدە، بۆنموونە»ئاژانسی رۆیتەرز»یان»ئەسیۆشێتد پرێس»یاخود»فرانس پرێس»و هتد.....

8- کەهەواڵەکەت وەرگێڕا بەلانی کەم سێ جار پێداچوونەوەی بۆبکە بەر لەوەی بگاتە دەستی بێژەر.

9- خۆت لەگەڵ ئەو کارمەندەی مۆنتێرەسەرپشك بەلەهەڵبژاردن و دیاریکردنی وێنە بۆ هەواڵەکە.

10- خۆت بەدوور بگرە لەتەرجەمەی حەرفی، چونکە سەرکەوتووت ناکات و بگرە کێشەش بۆ بێژەر دروست دەکات.

11- راستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانیی و پشت بەستن بەزمانی ستاندارد وەکو زۆربەی کەناڵەکانی تر.

12- بەبێ بوونی بەڵگەو زانیاریی ورد وەرگێڕان بۆ هەواڵ مەکە، بگرە هەتا پازدە خولەك بەر لەپێشکەش کردنی هەواڵ تەئکید لەو هەواڵە بکەرەوە کەلای تۆ و بینەر جێی بایەخە.

**خەسڵەتەکانی هەواڵساز** چەند خەسڵەتێك هەن بۆ ئەوەی لەکەسی هەواڵساز رەنگ بدەنەوە:

1. متمانە بەخۆبوون.
2. بەرزی ئاستی رۆشنبیریی
3. خوێندنەوەی بەردەوام و موتابەعەی هۆکارەکانی راگەیاندن.
4. بەتوانابێ لەنووسین بەهەر زمانێك بێت.
5. گوێڕایەڵی بەرپرسەکەی و خۆشویستنی کارەکەی.
6. توانای لەرادەبەدەری هەبێ بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیا.
7. حەز بە دنیای سیاسەت بکات و تێکەڵ بەلایەنەکانی سیاسەت بێت.
8. شارەزایی تەواوی وێب سایتە هەواڵیەکان هەبێت بەتایبەتی ئەوانەی هەواڵین.
9. رۆژانە جگە لەوێب سایتەکان خوێنەری ژمارەیەك رۆژنامە بێت و دێڕ بەدێڕی هەواڵەکان بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لەکاتی هەواڵسازی و وەرگێڕان کەموکوڕی پێوە دیار نەبێت.
10. شوێنێك هەیە لە کەناڵە ئاسمانیەکان تایبەت بە هەواڵسازەکان و پێی دەووترێ نیوز رووم، بەدەستە جەمعی ئامادەکاری بۆ هەواڵ دەکرێت و بەلاتەوە ئاسایی بێت لەهەرپیت و وشەیەك نەزانیت و راوێژ بەهاوکارەکانت بکەیت.

## چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵ

- لەسەر هەواڵساز پێویستە بێ لایەنانە کارەکانی خۆی بکات و گوزارشتی خۆی تێکەڵ بە هەواڵ وڕووداوەکان نەکات.

- دارشتنی هەواڵ پۆزەتیڤانەو دوور لەهەڵچوون و بەکارهێنانی وشەی زبر کەبینەر تووڕەو بێزار نەکات.

- بەکارهێنانی وشەی سادە، بۆئەوەی بینەر و بیسەر لێی تێبگەن و خۆبەدوورگرتن لەهەندێ تەعبیری ئەم سەردەمەکە زۆربەی خەڵك لێی حاڵی نابن!.

- هەقی هەواڵەکە بدەو کەموکوڕیی پێوە دیارنەبێ و نەکورت بێ و نەدرێژ بەڵکو مانادار و سوودبەخش بێ بۆبیسەر و بینەر.

- هەواڵساز کەسێکە گرنگی زمانەوانی دەزانێت و نابێ لەچوارچێوەی زمانەوانی دەربچێت و زمانی دوور لەراگەیاندن تێکەڵ بەکارەکەی بکات.

لەسەرووی هەواڵساز کەسیی یەکەم هەیە کەئەویش بەرپرسی هەواڵسازانەو پێی دەوترێت»دیسك مان»بەبێ رەزامەندی و بریاری ئەوو بەبێ پێداچوونەوە نابێت هەواڵ بچێتە بەردەمی بێژەر، بۆیە هەواڵساز لەگەڵ ئەو مامەڵە دەکات و نابێ لەفەرمانەکانی دەربچێت.

- **قوناغی پێشکێشکردنی هەواڵ**
  - **1- سلاو وسەردێر**
  - **2- خویندنی هەواڵەکان وناوەروك**
  - **3- کوتایی وخواحافیزی**

**مەرجەکانی بێژەر**

1. **رۆژنامەنووس**
2. **زانینی زمان**
3. **بوێری**
4. **زمان پاراویی**
5. **جێگەی متمانە بێ**
6. **ناسراو بێ**

- **لەکاتی خوێندنەوەی هەواڵ بێژەر پێویستی بە**
  1. متمانە بەخۆ بوون
  2. ئامادەکاری و چاونەترسی
  3. وورد بینی وتەرکیز
  4. راستەوخۆ نەوەك تۆمارکراو

## به پێی چی بنامەیەك رێزبەندی بو هەوالْ دەكرێت

**1 ) بەپێی بهایەكانی هەوال (گرنگی-نوێبون- گەورەیی ژمارە.... هتد**

**خەسلەتانی هەوال .. صفات الخبر**

- **راستگویی .. المصداقیە.**
- **ووردی .. الدقە.**
- **بابەتی بوون.. الموچوعیە.**
- **بێ لایەنی .. الحیادیە.**

## دوو جورە بهایی هەوالْ هەیە

**1) بهایی هەوالّی سەرەكی ( القیم الخبریە الآساسیە):** ئەو بهایانەن كە ئەگەر لە هەوالّدا نەبو رووداوەكان نابنە هەوال وەك (گرنگی ,نوێبون ),و هەروەها سەردێرەكان دەبێت ئەم بهایانە تێدابیت.

**2)بهایی هەوالّی لاوەكی یان هەمەلایەن ( القیم الخبریە الپانویە او التفصیلیە):** ئەو بهایانەن كەئەگەر لە هەوالّەك دا هەبوون ئەوە رێزبەندییەكە لە گەشتی هەوالەكان دا دێتە پێش وەك ( نزیكی چ شوێن یان دەرونی , بەناوبانگی ,سەیرو سەمەرە , لەكاتی بوون التوقیت, تامەزرویی التشویق , پێشبینیكردن وئەنجامەكان التوقع أو النتائج,گرنگی مرویی الاهتمامات الإنسانیە ...... )

**2)بەپێی جوغرافیاو دوری و نێزیکی (ناوخویی-دەرەوە)**

**3)بەپێی کەسایەتی (سەروك ولات-سەروك وەزیران-وزیر...)**

**4)بەپێی میلەف. ( روژهەلات,باشور,عێراق,سوریا,...........)**

## <u>نموونەی هەوال وسەردێر</u>

زنجیرەی هەوالی 11

1- ئەمەریکا پشتگیری هەریم دەکات

2- کەشناسی هەریم باران بارین بەردەوام دەبیت

3- کۆبوونەوەی میتی تورکی لە کەرکووك

4- عیراق 450 ملیار دینار بۆ هەریمی کوردستان خەرج دەکات

5- نیچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بانگیشت کرا

6- حەشدی شەعبی زەوی دابەش دەکات لە کەرکووك

7- کوردستان باج لەسەر مەی و نیرگەلە و جگەرە دادەنیت

8- دەنگیکی گەورە لە دهۆك دەبیستریت

9- خورماتوو چەوساندن کورد بەردەوامە

10- پارتی بایکۆتی هەلبژاردنەکانی کەرکووکی کرد

18- قوتابیانی سنووری مادەی 140 لە کوردستان وەردەگیرین

19- پەرلەمانی عیراق لەسەر بودجە کۆ دەبیتەوە

20- سزای لە سیدارەدان بۆ یوسف قەرزاوی دەردەچیت

21- کچیکی رووسی ناوی دەچیتە ناو کتیبی گینس

## سەردێر

– عیراق 450 ملیار دینار بۆ هەریمی کوردستان خەرج دەکات

- کەشناسی هەریم باران بارین بەردەوام دەبیت

- لە کەرکووك حەشدی شەعبی زەوی دابەش دەکات و لەلایەکی ترەوە میتی تورکی کۆدەبیتەوە

- کوردستان باج لەسەر مەی و نیرگەلە و جگەرە دادەنیت

- نیچیرڤان بارزانی بۆ بەغدا بانگیشت کرا

**تەکنیکی کارکردن لە رادیو و تەلەفزیون**

**بەشی راگەیاندن**

**TVقوناغی سێیەم /**

**ناوی ماموستا: مهدی شعبان محمد ( 2020- 2021 )**

---

# زمانی جەستەیی

بە بوچوونی زوربەی زانایانی دەرونی **60%** لە حالەتی لە یەك تێگەشتن وگفتوگویی لە رێگای هێما ولڤین وجولەی جەستەییە، نەك لە رێگای قسەکردن وزمانە، هەروەها دەلێن ئەم رێگایە پێنچ جار بە هێزترە لە گاریگەرییەکەی ووشە وقسە دروست دەکات. یەك لە هەلەی گەورە خومان ئەوە زمانی جەستە وجولەکانی بە پشتگوهدێخین لە تێگەیشتن لە کەسی بەرامبەر وخویندنەوەی بوچوونەکانی ، بەلکەی پاش قسەکردنی بە دەهان کاتژمێر بیر لە قسەکانی دەکەین وشیدەکەین بێ کو بیر لە حیساب بو جولە ولڤین جەستەکەی بکەین کە لەراستی دا ئەو زیاتر هاوکارە بو لە یەك تێگەشتن.

## زمانی جەستەیی چیە؟

**زمانی جەستەی: زمانی گفتوگوی تاکانەیە کە خوای گەورە دایتە هەموو مروڤایەتی ، وتاکە رێگایەکە دوو کەسی جێواز کە بێ قسەکردن لە یەك بگەن لە رێگایەکی ئاسان وتەنها بە ئیشارات وهیما و دەربرەکانی دەم وچاو پەیامی یەکتر بخوینن. مروڤ بەو رێگایە دەتوانیت بزانیت کەسی بەرامبەر خەمبارە یان دلْخوشە، دەترسێت یان ئارامە، تورەیە یان نا.**

**زانایەکی ئەمریکی بە ناوی ئەلبرت میهرابین هەستا بە لێکولینەوەکی زانستی لەسەر پەیوەندیکردنی مروڤ بە یەکتری وبوی دەرچوو کە 7% بە ووشە وقسەکردنە و38% بە تونی دەنگ و55% بە زمانی جەستە پەیوەندی بە یەکتر دەکەن ولە یەك دەگەن.**

## لە یەك دووری کەسەکان لە هەلویستە جێوازەکان:

ئەو بوشاییە کە لەنابەری کەسەکان دا هەیە کە لەگەل یەکتر رادەوەستێن ولە یەك نێزیك دەبنەوە و گفتوگو دەکەن لە گەل رەچاوکردنی جێوازی پەیوەندییەکانی لە گەل یەکتر، ئەم بوشاییە لە کومەلگایەك لە یەکیتر ولەکەلتورەك بوییتر جێوازە بەلام ئەمە پیوەرە.

**0 – 45 سم بوشایی خوشەویستانە** ( لە ناوبەری ئەندامانی خێزان وهاورێ وبرادەرەکانی نێزیك )
**45- 120سم بوشاییەکی نورمالە** ( لە پیوەندییە نورمالەکان بە کاردێت )
**120- 300 سم بوشاییەکی فەرمی** ( لە هەلسوکەوتی فەرمی بە کاردێت ).

## گرنگی زمانی جەستە بو بێژەری تەلەفزیونی :

هەروەك باسمان كرد زمانی جەستەیی گرنگیەكی گەورە هەیە بو لەیەك تێگەیشتن وناسینی حالەتی كەسی بەرامبەر بێ وەكو قسەیەكی بكات، لەم روانگەوە زانینی ئەم زمانە لە لایەن راگەیاندكاران و بە تایبەت پێشكێشكار وبێژەری تەلەفزیونی زەرورەتەكی گەورەیە بە تایبەت روژانە سەرەدەری لە گەل كەسایەتی جێواز دەكەن وناسینیان لە رێگای ئەم زمانە ئاسانكاری دەكات بە ئەوەی بتوانرێت پرسیار گونجاو لە كاتێكی گونجاو لە مێوانەكانی خویان بكەن، چونكە شارەزا دەبن لە دووخ وحالەت دەورونی ئەوانیان لە كاتی بەرنامەیان لەگەل پێشكێش دەكەن. نموونە

كەسەك چاوی قەبات بكات نیشانەی ئەوەبە كە دەیەوێت شتەكی بە بیری خوی بینتەوە.

كەسەك زور چاوی دەجولێنیت بو لایەنەكان ئەوە دەیەوێت خوی بدزیتەوە لە وولامدانەوە.

كەسەك دەستی وقاچی لەسەر یەكتری داناوە ئەوە هەست بە ئارامی وسەقامگیری ناكات.

**گرنگی زمانی جەستە لەم حالەتانەدا بەدیاردەكەویت:**

- دیاركردنی كاتی كوتاهینانی دیمانە وهەڤپەیڤین.
- زانینی ئەوەی ئایە كەسی بەرامبەر لە واتا ومەبەستی پرسارو قسەكە گەیشتووە یان نا.
- دیاركردنی ئاستی رازیبون لە ئاخوتن وقسەكردنەكە.
- زانینی پالدەری راستەقینە كەسەكە بو ووتەكان لێدوانەكانی.
- دوزینەوەی رێگایەك بو گوزارشتكرن لە كات.
- زانینی ساتەوەختەكانی گەیاندن وسەرەتا پەیوەندیكردنی رایستەقینە.
- دیاریكردنی كاتی لەیەك نێزیكبوون لە بەرامبەر.
- زانینی گوزارشت و دەربرینی گونجاو بو گەیاندنی بیروكەكانی بو وەرگر.
- زانینی توانای مروڤ بو رێزگرتن و لەیەك تێگەیشتن لە كەسی بەرامبەر.

**دەلالات وگوزاریشتی زمانی جەستە**

| | **زمانی جەستە** | **دەلالەتەكانی** |
|---|---|---|
| 1 | دانشیتنی بە استراحەت وئارامی | نیشانەی دوركەوتنە لە تەوەتر ودلراوكێ |
| 2 | نێزیكبوونەوە لە كەسی بەرامبەر | نیشانەی رازیبوونە بە كەسایەتی بەرامبەر |
| 3 | سەرجەماندیكی كەم بو لای خوارێی كەسەكە | تەركیزكردنە وگوێگرتنە لە قسەكانی |
| 4 | كردنەوەی دەستەكان لە جەستەوە | نیشانەی كرانەوە لەگەل خەلك |
| 5 | جولانەوەی دەستەكان لە كاتی قسەكردن | هاوكاریكردنی گوێگرە بو تێگەیشتن |
| 6 | تەماشەكردنی ناو چاوەكان | گرنگیپێدانە بە قسەكانی |
| 7 | زور كردنەوە وقەباتكردنی چاوەكان ( زولقوتان) | هەستكردنە بە نا ئارامی |